سەماحەتی حەکیم.. سەقامگیری ئەستا ئەنجامی قوربانییەکان و خوێنی عێراقییەکانە پاراستنی لە ئەستۆی هەمووانە



لە ڕۆژی پێنجشەممە بەرواری 2023-7-7 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی حیکمەی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز دکتۆر عەبدولەتیف جەمال ڕەشید سەرۆککۆماری عێراق کرد و لەم دیدارە باس لە دۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە و ئەوی عێراق لە نزیککردنەوەی بەچوونی نێوانکانی ناوچەکە کرد بەشێوەیەك کە خزمەتی دۆخی ناوچەکە بکات و بەرژەوەندی گەلەکانی بهێنێتە دی و جگە لەوەش باس لە گەڕانکارییەکانی کەش و هەوا و کەم ئاوی و ئەگا چارەی تیپەڕکردنی ئەو کێشانە کرا.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە سەقامگیری ئەستا ئەنجامی وقوربانییەکان و ئەو خوێنەیە کە عیراقییەکان لە هەموو پێکهاتەکان پێشکێشیان کرد، ڕوونیشی کردەوە کە پاراستنی سەقامگیری و هەوەدان بە ئەوەی قەناعی داهاتوو ببێتە سەقامگیرییەکی هەمیشەیی و بەردەوام ئەرکی هەمووان دەبێت.

هەروەها سەماحەتی حەکیم و بەڕێز سەرۆك دووپاتیان کردەوە کە عێراق زۆر لە ئاستەنگەکانی تێپەڕ کردوە لەوانە شەوی عێراق لەسەر ئاستی ناوچەکە و نێودەوڵەتیدا، ئەستا جیهان بە ڕەز و ستایشێکی زۆر سەیری عێراق دەکەن، ئەوەش وا دەکات کە وەبەهێنرانی زۆر و پارەی زۆر بێتە عێراق.

سەماحەتی ڕوونی کردەوە کە ڕکابەری داهاتوو ڕکابەرییەکی ئابوورییە کاتێك وێات لە تاکە سەرچاوەی داهات ڕوو دەکاتە فرە سەرچاوە و بەرهەمهێن لەڕێگای ئەکتیڤ کردنی کەرتەکانی بەرهەم هێنان وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و وەبەرهێنان و تەکنەلەژیا.